پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمی فەرموو: «قورئانم بۆ بخوێنە

لە ئیبن مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمی فەرموو: «قورئانم بۆ بخوێنە»، منیش ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، قورئان بۆ تۆ بخوێنم لەکاتێکدا بۆ تۆ دابەزیووە؟! فەرمووی: «بەڵێ»، منیش سورەتی -النساء-م بۆ خوێند، هەتاوەکو گەیشتم بە ئەم ئایەتە: {فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا مِنْ كُلِّ أُمَّةٍ بِشَهِيدٍ وَجِئْنَا بِكَ عَلَى هَؤُلَاءِ شَهِيدًا} [النساء: 41] واتە: {ئەمجا (حاڵی کافران) چۆن بێت کاتێک هێنامان لە هەموو ئومەتێکدا شاهیدێک (کە پێغەمبەرەکەیانە) تۆیشمان هێنا (ئەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-) بووی بە شاهێد بەسەر ئەوانەوە}، فەرمووی: «ئێستا ئەوەندە بەسە»، (ئیبن مەسعود) دەڵێت: سەیرم کرد بینیم فرمێسک بە چاوەکانیدا دێتە خوارەوە.

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- داوای لە عبد الله ی کوڕی مەسعود کرد -ڕەزای خوای لێبێت- کە بەشێك لە قورئانی بۆ بخوێنێتەوە، ئەویش ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، چۆن بەسەر تۆدا بیخوێنمەوە لە کاتێکدا بەسەر تۆدا دابەزیوە؟! پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: من حەز دەکەم لە کەسێکی تر‌ەوە گوێم لە قورئان بێت، ئیبن مەسعودیش لە سورەتی -النساء-ەوە خوێندیەوە، کاتێک گەیشتە فەرمایشتی خوای گەورە: {فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا مِنْ كُلِّ أُمَّةٍ بِشَهِيدٍ وَجِئْنَا بِكَ عَلَى هَؤُلَاءِ شَهِيدًا} [النساء:41] واتە: {ئەمجا (حاڵی تۆ و ئومەتەکەت) چۆن دەبێت کاتێک هێنامان لە هەموو ئومەتێکدا شاهێدێک (کە پێغەمبەرەکەیانە) تۆیشمان هێنا (ئەی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-) بە شاهێد بەسەر ئەوانەوە}. واتا ئایا دەبێت حاڵی تۆ و حاڵی ئومەتەکەت چۆن دەبێت؛ کاتێک تۆ دەهێنین وەکو شاهێد بەسەر ئومەتەکەتەوە کە پەیامی پەروەردگارت پێگەیاندوون، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ئێستا لە خوێندنەوە بوەستە ئیبن مەسعود -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: سەیریم کرد، چاوەکانی فرمێسکیان پێدا دەهاتە خوارەوە لە ترسی ئەو بارودۆخە، و بەهۆی ڕەحمەت و بەزەیی بۆ ئومەتەکەی.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3571